ئەگەر پێمانوابێت، وەڵامەکانی ئێمە تەواو و دوا دەرکی مرۆڤایەتین، ئەوا خەریکین لە خۆمان بتێك سازدەکەین. هەروەها ئەگەر پێمانوابێت، ئەو سیستەمی ڕێکخستنەی کۆمەڵگە، کە ئێمە خەباتی بۆ دەکەین، دوایین چاوەڕوانی و گەشەیەکە، کە مرۆڤایەتی پێیدەگات، ئەوا دیسانەوە خەریکین پووچگەراییەکی دی لە تەپوتۆزی پۆوچگەراییەکانی دیکە، چێدەکەینەوە. سۆشیالیزم بەهەشتێك نییە لە ئاسمانەکانەوە دابگرین و لە پەڕاوی ئەفسانەکاندا بیدۆزینەوە و مۆدێرنیزەی بکەین، سۆشیالیزم خەونی مرۆڤی زیندووە و بە پراکتیکی شۆڕشگێڕانە کەتواریی دەبێتەوە و سەرکەوتنیشی لە کولتووربوویندا دەبێت، بەبێ ئەوە، لە خەیاڵی گۆشەگیرانە و فەنتازی ئایدیالیستانە بەولاوەتر نابێت.

هەژێن

## بەشی شازدەهەم

### تۆ دژی ڕاپەڕینی خەڵکی ئازادی خوازی میسر و بڕیاری شۆڕشگێڕانەی سوپای ئەو وڵاتەیت ئایا ئەمە لایەنگیری لە مانەوەی ئیخوانەکان نییە؟

پێش ئەوە وەڵام بەو گومانە یا ئەو تۆمەتە بێبنەمایە یا حەزۆکە ڕامیارییەی تۆ بدەمەوە، بەپێویستی دەزانم کەمێك بگەڕێمەوە دواوە و سەراپای ڕاپەڕینەکان بخوێنمەوە. بەگوێرەی ئەوەی کە لە ساڵی ٢٠٠٧ بەدواوە یەکێك بووم لە سەرنجدەران و چاودێرانی خەباتی کرێکاریی و نارەزایەتییەکانی وڵاتانی مەغریب، جەزائیر، تونس و میسر و جار جاریش پەیوەندیم لەتەك چالاکانی ئەو وڵاتانەدا هەبووە، بەر لەوەی کە ڕووداوی خۆسووتاندنی بێکار یا شمەکفرۆشێکی کەنار جادە ببێتە خاڵی تەقینەوەی جەماوەریی لە تونس و ببێتە هۆی ڕوخانی فەرمانداریی دیکتاتۆریانەی چەند دەهەی ئەو وڵاتە، ڕۆژانە لەو وڵاتانەدا خۆپیشاندانی بێکاران بۆ دابیکردنی کار، خۆپیشاندان دژی ملهوڕیی ڕامیار ن لە ناوچە و گەڕەکە هەژارنشینەکانی ئەو وڵاتانەدا ڕوویدەدا و لە پەرسەندندا بوو. هەروەها لە تونس یەکێتی دەرچووانی بێکاری زانکۆکان چالاك بوو و چالاکییەکانی فشاریان بۆ سەر یەکێتی سەرتاسەریی فەرمی کرێکارانی ئەو وڵاتە، کە پاشکۆی دەسەڵات بوو، دروستکردبوو. ئۆپۆزسیۆنی ڕامیار لە ئەوروپا خەریکی وڕێنەکردن بوو، کۆمونیستەکان سفری پاش کۆما بوون. تەنیا جیاوازییەك کە لە وڵاتی میسر هەبوو، قەدەخەبوونی ئیخوانەکان و کارکردنی ناڕاستەوخۆیان بوو لە بواری خزمەتکاریی کۆمەڵایەتییدا لەوانە خەستەخانەکان، کە باشترین ـەستەخانەکان لەژێرەوە هی ئەوان بوون، لە بەرانبەردا زۆربەی پرۆژە و کارخانەکان هی سوپای میسر بوون و پارتی فەرماندار پشکی گەورەی هەبوو، هەروەها هەر دوو وڵاتی تونس و میسر لەلایەن دەوڵەتانی ئەوروپا و ئەمەریکاوە پشتیوانی لۆجیستیکی سەربازیی و دراوی و تەنانەت هاریکاریی سیخوڕییان دەکرا. انەت دەوڵەتی لیبیا کە قەزافی و پارتەکەی فەرمانداری بوون، بەپێچەوانەوەی پاگەندەی میدیکانەوە، هاریکارێکی گەورەی دەوڵەتانی ئۆروپا و ڕۆڵی پۆلیستی ئەوروپای دەبینی و گەورەترین زیندانی بۆ کۆچەران و پەنابەرانی ئەفریکا لە بیابانی ئەو وڵاتەدا دروستکردبوو. دەوڵەتی سوریە و بنەماڵەی ئەسەد باشترین پاسەوانی سنووری ئیسرائیل بوون.

ـك کە جەماوەر سەربەخۆ لە دەرەوەی پلان و ویستی ڕامیاران ڕاپەڕی، دەوڵەتانی زلهێز و دەوڵەتانی ئەوروپا تووشی شۆك بوون و دەسبەجێ کاردانەوەیان بۆ نیشاننەدرا و نەیانتوانی پاسەوانانی بەرژەوەندییەکانیان لەو وڵاتانەدا بپارێزن یا لەنێو ئۆپۆزسیۆنی ڕامیارییدا ئەڵتەرناتیڤیان بۆ بدۆزێتەوە. لەبەرئەوە ناچار بە ملدا ن بە کەتواری ڕووداوەکان بوون. بەڵام ئەمە زۆری نەیاخاند و لە ڕاپەڕینی جەماوەر لە مەغریب و ئوردن و سعودیە و یەمەن و بەحرەین'دا فریای خۆیان کەوتن و توانیان بە هاریکاریی دەوڵەتانی ناوچەکە دژەپلان ئامادەبکەن، بۆ نموونە لە بەحرەین بە لەشکرکێشیی سعودیە، لە لیبیا بە چەکدارکردنی ڕاپەڕینەکە و لە سوریە بە هاریکاریی دەوڵەتی تورکیە و سعودیە توانیان چەندین میلیشیای چەکدار لە گروپە ناسیونالیست و مەزهەبییەکان دروستبکەن و ڕاپەڕینی ناچەکدارانەی سەربەخۆی جەماوەریی بەرەو جەنگی نێوخۆیی و کوشتارێکی چەند ساڵە بەرن.

ـاتێك کە لە تونس و میسر فریای پیادەکردنی پلانی میلیشیاییکردنی ڕاپەڕینەکە نەکەوتن، ناچار پەنایان بردە بەر پشتیوانی هێزە

ـسلامییەکان و بەدەسەڵاتگەیاندنیان لە ڕێگەی پاگەندەی میدیاییەوە بۆ ئەوەی هەنگاوی یەکەم بە بەدەسەڵاتگەیشتنی ئەوان بەرەی ـەماوەر تێکبشکێنێت و هەنگاوی دووەم، لە سەرهەڵدانەوەی نارەزایەتییەکاندا بە ئاسانی بتوانرێت لەژێر ناوی جۆراوجۆر و کودەتای ـەربازییدا دەستوپەیوەندەکانی خۆیان بهێننەوە سەرکار و جەنگی خۆیان لەتەك ئیسلامییەکان لەسەر دەسەڵات، بگۆڕن بە جەنگی کۆمەڵایەتیی نەبڕاوە لەنێوان بەرەی جەماوەر و جەماوەری ئیسلامییەکاندا. ئەمە پشتپەردەی ئەو ڕووداوانە بوو، کە لە وڵاتی تونس و میسر ڕوویدا، ئەوەی کە چەپەکانی کوردستان بەوپەڕی لایەنگریریەوە نازناوی "شۆڕش"یان لە کودەتای سەربازیی نا !

بەبۆچوونی من، ئەوەی ڕاپەڕینەکان بۆ تێکشکان و چۆن ئیخوانەکان و نەهزە بە هەڵبژرادنی پارلەمانی بەدەسەڵات گەیشتن و چۆن ڕاپەڕینی جەماوەریی لیبیا و سوریە گۆڕدرا بە جەنگێکی میلیشیایی نەبڕاوە و فرەڕەهەند، هەمووی پەیوەندی بە ئاستی خودهوشیاریی جەماوەرەی ناڕازییەوە هەبوو و هەیە. کاتێك کە جەماوەر هێشتا لەو خۆشباوەڕییەدایە، کە بە لابردنی (بن عەلی) و (موبارەك) و دانانی کەسێکی دیکە، ئیدی دیکتاتۆریی نامێنێت یا بە هەڵبژادنی پارتێکی دیکە لە جێی پارتە فەرمانداڕەکانی سی ساڵی ڕابوردوو، ئیدی پرس و گرفتە ئابووریی و کۆمەڵایەتییاکانیان چارەسەردەبن یا ئەگەر دەستەبژێرکی تێکنۆکرات سەروەربن، ئیدی کۆتایی بە ژێردەستەیی ئەوان دێت، بەدڵنیاییەوە ـەجاریی پارلەمانی و کودتای سەربازیی دەبنە دیمەنی کۆتایی ڕاپەڕینەکان و سەرەنجام زیندانەکان ئاوەدان دەبنەوە و کوشتنی خۆنیشاندەران و لەسێدارەدانی بەرهەڵستکاران دەبنەوە بە ڕووداوی ڕۆتینی کۆمەڵگە. هەڵبەتە هەر لە سەرەتاوە ناهوشیاریی و خۆشباوەڕیی بە دەوڵەت و پارلەمان و ڕامیاران دیاربوو و ڕۆژ بە ڕۆژ لە تەشەنەکردن و جێگیربوون و تەنانەت مۆدێلبووندا بوو، لەوانە بەرزکردنەوەی ئاڵای نەتەوەیی و دەوڵەت، کە بە بۆچوونی من کۆنەپەرسترین دیاردەی ئەو ڕاپەڕینانەبوو و ئەوەندەی کە ئەو دیاردەیە توانی خزمەت بە ناسیونالیزم و دەوڵەت و سەرمایەداریی بکات، لە شکستی ڕاپەڕینی گەورەی فەرنسە و (کۆمونەی پاریس)ەوە تا هەڵای سەرکەوتنی یەکجارەکی بلۆکی ناتۆ و بازارئازاد، سەرمایەداریی جیهانی بە هەموو دەزگە و نێوندە سیخوڕییەکانییەوە بە هەموو تەرخانکردنێکی ئابووریی و ڕایە ـامیارییەکانییەوە نەیتوانیبوو وەها هێزێکی دژەشۆڕش لە خودی ڕاپەڕیوان و ناڕازییان پێکبهێنێت. تاکی ناڕازی لەو ڕاپەڕینانەدا لە ئامادەنەبوونی خودهوشیاریی شۆڕشگێڕانەدا لە بەرانبەر هەژموونی پاگەندەی دەوڵەتە عەرەبییەکان و هێزە ناسیونالیست و ئیسلامییەکاندا خۆ ، بە ناچار دەبینێت، ئاڵایەك بەرزبکاتەوە، کە تا ئەو ساتەش هەر لە سایەیدا سەرکوتکراوە و زیندانیکراوە لە سێدارەدراوە ! ئایا سەراپای مێژوو، گاڵتەجارییەکی خەمناکتر لەمەی بەرهەمهێناوە و بەخۆیەوە دیوە ؟

مە کورتەی بۆچوونی منە لەمەڕ ئەو ڕاپەڕینانەی کە لە وڵاتانی عەرەبیدا ڕوویاندا و دیاردەی کۆنەپەرستانە و دژەشۆڕشانەی وەك بەرزکردنەوەی ئاڵای نەتەوەیی و دەوڵەت و گوتنەوەی "الله اکبر"یان کردە مۆدێلی ڕاپەڕینە کۆپیکراوەکانی دیکە لە وڵاتانی دەوروبەر [ بەرەوەك لە (سلێمانی)شدا (بەردەرکی سەرا) کرا بە مزگەوت] و ئەو مۆدێلە کۆنەپەرست و ناسیونالیستانەیە بە کۆمەکی میدیای دەوڵەتان جیهانگیرکرا ـك دەبینین، لە وڵاتانی ئەوروپی و ئەمەریکای باکووریش وەها کۆنەپەرستییەك [ ـزکردنەوەی ئاڵای دەوڵەت-نەتەوە] کەوتە پەلوپۆهاویشتن. پێش ڕاپەڕینی وڵاتانی عەرەبی، لە ڕاپەڕینە جەماوەرییەکاندا ئاڵاکانی دەوڵەت دەسووتێندران، بەڵام لە کۆتایی ۲۰۱۰ بەدواوە بەرزکردنەوەی ئاڵای سەرکوت و سەروەریی بۆرجوازیی ئەم پەیامەی بە گوێی بزووتنەوە کۆنەپەرست و زلهێزە جیهانخۆرەکاندا دەدا، کە ئامانجی زۆرینەی ڕاپەڕیوان لەنێوبردنی سەروەریی و هەڵوەشاندنەوەی سیستەمەکە نییە، بەڵکو گۆڕینی جەنەڕاڵێك بە تەکنۆکراتێك و گۆڕینی (حوسنی) بە (مورسی) و گۆڕینەوەی (مورسی) بە (حوسنی)یە بە کودەتا ! ئەمە بەرەنجامی خۆشباوەڕیی جەماوەری ناڕازی و ڕاپەڕیو و نەبوونی خودهوشیاریی شۆڕشگێڕانەیە، لەم بارەوە دەتوانین ئەو خۆشباوەڕیی و ڕەدووکەوتنی ڕامیاریی لە خۆپیشاندانەکانی پاش ١٧ی شوباتی هەرێمی کوردستان)یشدا بە ڕۆشنی ببینین !

بەبۆچوونی من، تاکو تاکی ژێردەست و ستەملێکراو، بە دەوڵەت و فەرمانداریی باش، بە پارتیی باش و سەرۆکی چاوەڕوانکراو، بە هاتنەدی ئازادی و یەکسانی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی لە سایەی سەروەریی چینایەتییدا خۆشباوەڕبێت، بەدڵنیاییەوە هەم بواری کایەی دەستەبژێریی کەسانی دەسەڵاتخواز و پایەخواز لەئارادادەبێت، هەم بواری خۆسەپاندن و قۆرخکردنی دەسەڵات لەلایەن پارتە ڕامیارییەکانەوە هەیە و هەم بواری دەستتێوەردان و سەرکەوتنی پلانەکانی زلهێزەکان مسۆگەردەبێت، هەم لەجیاتی سووتاندنی ئاڵای ستەمکاران، ئاڵای سەروەریی بۆرجوازیی بەدەستی خۆنیشاندەرانی ناهوشیار و خۆشباوەڕەوە دەشەکێتەوە.

تۆ زۆر سووکایەتی بە سیاسیەکان دەکەیت و دەتەوێت سیاسەت ناشیرین بکەیت ئایا سەبەبی ئەوە شکست و رابوردووی خۆت نیە ؟

خاتوونی بەڕێز، هەرچەندە ێرە و لەوێ هەوڵمداوە بەدرێژدادڕییەوە زۆر لەسەر ئەم بابەتە بوەستم و بڕۆم، بەڵام لەوە دەچێت، کە لە .ەربڕینمدا ناوڕۆشنییەك هەبێت، کە بەڕێزتی بەو سەرەنجامە گەیاندبێت، کە من شکستخواردووی ئەو مەیدانەم و ڕابوردووم گرفتی تێدایە، یا لەوانەیە چاویلکە پارتییەکەت ڕو ێگەی من ئاوا ناڕۆشن و لنگاوقوچ نیشانبدات. سەرباری ئەوەش لێرەدا هەوڵدەدەم وەڵام بە پرسیارەکەت بدەمەوە، هەرچەندە خوێنەری وریا و سەرنجدەر بەئاسانی دەتوانێت وەڵامی ئەم پرسیارەی تۆ لە بابەتەکانمدا بەدەستبهێنێت.

ڕامکردن - ڕامیاریی – ڕامیار ئەمە هاوواتای کوردیی ەکەی واژەی "سیاسەت، سیاسي" وەك چاوگی فرمان و چەمك و وەك بکەر، کە ڕیشەیەکی فرەکۆنیان لە ژیانی مرۆڤایەتیدا بەگشتی هەیە و تەنانەت پێش زمانیش دەکەون. چونکە مرۆڤ پێش هەبوونی زمانێکی تەواو هەم ئاژەڵی ڕامکردووە و هەم بیرۆکەی ڕامکردنی پەرەپێداوە و هەم ڕامکار بووە.

ە بۆچوونی من، ئەگەر بە وردی و لە دەرەوەی شێواندنی چاویلکەی ڕامیارییەوە دیاردەکان بخوێنینەوە، ئەوا ڕامکردنی تاکەکان لە پەیوەندییە پارتییەکاندا درێژەی هەمان پرۆسێسی ڕامکردنە، کە مرۆڤ ـانگا و مەڕ و بزن و گوێدرێژ و مریشك و ..تد تێدا ڕامکردووە. بەواتایەکی دیکە ڕامیاریی-ڕامکردن بریتییە لە دەرهاویشتنی بوونەوەرێك لە شێوەی پەیوەندییە سروشتی و کۆمەڵایەتییەکانی و بارهێنانەوەی لەسەر شێوازێکی دیکە. مانگا پێش ڕامکردن بوونێکی ئازادی هەبووە و ژیانێکی سروشتییانەی هەبووە، شیرەکەی تەنیا بۆ بەچکەکانی بووە، لەتەك هاوجۆرەکانیدا لە پەیوەندییەکی ئازاد و هارمۆنیدا ژیاوە، هەروەك مرۆڤی دەرەوەی شارستانی لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیدا ئازادبووە و چاوەڕوانیی و کار و فەرمانی لە چوارچێوەی ڕێکەوتنی کۆمەڵایەتییدا لەتەك هاوجۆرەکانی ڕێکخراوە. ەڵام کاتێك کە مرۆڤ ئاژەڵەکان ڕامدەکات، ئیدی کاتی خواردن و چوونەدەر و گەڕانەوە و شوێنی خەوتنی مانگا، خاوەنەکەی دیاریدەکات، هەروەك چۆن ئەندامی پارتێك، پارتەکەی و لێپرسراوە زنجیرەییە پلە بە پلەکانی بۆی دیاریدەکەن، چی بڵێت و چی بکات و چی نەکات و سنوورەکانی چالاکی و ئازادییەکانی چەندە فراوانن، هەروەك چۆن دەوڵەت و ڕامیاران ماوەی کار و بڕی خواردن و جۆری خواردن و سنووری چالاکی و هاتووچۆ و پانتایی ژیانی کەسیی و خێزانی ژێردەستانی کۆمەڵگە [پڕۆلیتێرەکان] دیاردەکەن. هیچ جیاوازی لەنێوان ڕامکراوی ئەندامی پارتێك و هاووڵاتییەکی دەوڵەتی هاوچەرخ لە سنوورەکانی ڕامیارییدا و ئاژەڵێکی ڕامکراو هەیە ؟

ئایا لە کەتواری ژیانماندا ڕامیاریی واتایەك و بوونێکی دیکەی هەیە ؟ هەڵبەتە مەبەستم لە ڕامیاریی سەراپای کردارەکە و چەمکەکەیە، نەك تەنیا پارتێك و ئاراستەیەك و شێوازێکی دیاریکراو لە ڕامیاریی/ڕامکردن. ـن دەزانم هەم لە شێواز و ـەم لە ڕەفتار و هەم لە ڕادەی هرەبردن لە ڕامکردنی ئاژەلاندا لە ڕامکارێکەوە بۆ ڕامکارێکی دیکە جیاوازی هەیە، بەڵام ئایا ئەو جیاوازییە ڕواڵەتییانە هیچ لە کرۆکی ئاراستە و ئامانجی ڕامیاریی دەگۆڕن؛ بەواتایەکی دیکە هیچ لە دەستەمۆکردن و سنووردارکردنی ژیان و حەزی ئاژەڵان دەگۆڕێت ؟

گرفتی من لێرەوەیە، کە ڕامیاریی تەنیا بە لەنێوبردنی پەیوەندییە سروشتیی و کۆمەڵایەتییەکان دەتوانێت لە کایەی کولتووریدا جگەی خۆی بکاتەوە. ـکی دیکە تەنیا بە گۆڕینی مرۆڤ لە بوونەوەرێکی خودهوشیاری کۆمەڵایەتیی هاودەرد و هەرەوەزەوە، بۆ بوونەوەرێکی ـیاری، چاوچنۆکی و ناکۆك و دەستەمۆ و ملکەچی سەروەران [ ـ، دەوڵەت و پێکهاتە قووچکەییەکانی دیکە]، ڕامکردنەکە مەیسەردەبێت. ئایا بێجگە لەمە، ڕامیاریی هیچ شتێکی دیکەی ئەنجامداوە ؟

باشە با ئاوای دابنێین، کە من شکستخواردووی مەیدانی ڕامیارییم و لە ڕابوردوومدا گرفتم هەیە. ئایا شکشت بۆ خۆی مامانی هەموو داهێنان و هانابردن بۆ شێوازانێکی نوێ نەبووە؟ ئایا هیچ سەرکەوتنێکی مرۆڤ بەبێ کۆمەڵێك شکست سەریهەڵداوە یا هیچ تیئۆرییەك بەبێ خوێندنەوە و تێگەییشتن لە هۆکاری شکستەکان و هەڵسەنگاندنی ئەزموونگیرییەکان سەریهەڵداوە؟ لەسەر ئەم بنەمایە کەواتە ئەگەر ئەو گومانەی تۆش دروستبێت، ئەوا ناتوانێت سەلمێنەری دروستیی و ئاوەزگیریی و ڕەوایەتی ڕامکردنی ئاژەڵان و مرۆڤەکانی دیکەبێت! بەڵام وێڕای نادروستی گومانەکەی تۆ لە هاندەرەوەکانی من بۆ دژایەتی ڕامیارییکردن و ڕامیاریی، بە پێویستی دەزانم ئەوە بدرکێنم، کە من لە کۆمەڵگەی ـاوچەرخدا دوو گرفتم هەن [گرفت لە ڕوانگەی کەسانی وەك تۆوە]، کە بۆم هەرگیز چارەسەرناکردرێن؛ یەکەم نە دەتوانم کەس ڕامبکەم و نە دەشتوانم مل بە ڕامیاریی کەسانی دیکە بدەم. دووەم نە بەئاسانی دەتوانم مل بە کرێگرتەیی بۆ کەسانی دیکە بدەم، نە دەشتوانم بۆ مسۆگەرکردنی مشەخۆریی خۆم، کەسانی دیکە بەکرێبگرم، بە واتایەکی دیکە نە دەتوانم بەئاسانی کرێکاری کەسانی دیکە بم، نەدەشتوانم ـاوەنکاری کەسی دیکە بم [بەو جۆرەی کە ئەندامانی نێوەندی پارتە کۆمونیستەکان لە پیتزەری و ڕیستورانتەکانیاندا کرێکاران و لەنێو

ئەوانیشدا هاوپارتییە پاشڕەوەکانی خۆیان بەکرێدەگرن]. هەڵبەتە نەتوانینەکانم لەوەوە نین، کە دەسەپاچەبم، بەڵکو لەو بارەوە توانایەکی ڕادەبەدەری لێهاتوویی و شارەزایی و هۆشیم هەیە، بەڵام تەنیا شتێك کە ڕێگریم لێدەکات دەرك و ویژدانمە، ئازا.بوونمە لە کایە ڕامیارییەکان، دیتنی ژیان و کۆمەڵگەیە لە دەرەوەی چاویلکە ڕامیارییەکان، کە هەردەم ژیان و پەیوەندییەکان ئاوا نیشاندەدەن، کە ئاراستەکەرانیان دەخوازن. ڕێك تەواو بەپێچەوانەی گرفتی هەرە سەرەکی تاکی دەستەمۆی پارتیی و دەوڵەتەوە، تاکی گیرۆدەی دەمارگیریی مەزهەبیی و نەتەوەیی و ئایدیۆلۆجی و خودسێنتەرەوە [خودسێنتەریی بەواتای تاکایەتی (سەربەخۆیی ئیندیڤیدوالیستی) نا، بەڵکو بەواتای خێزان-سێنتریست، ئێتنۆ-سێنتریست، پارت-سێنتریست، دەوڵەت-سێنتریست .. تد]، کە هاوجۆری خۆی دەکوژێت، دەچەوسێنێتەوە، برسیدەکات، زیندانیدەکات، فریودەدات، دەکڕێت، دەفرۆشێت، دەخوات، ..تد

لە تێڕوانینی ناڕامیارانەی مندا، ڕامیاریی واتە هونەری لەخشتەبردن، هونەری دەسەڵاتداریی، هونەری پاوانگەریی و هونەری مشەخۆریی، وەها هونەرێك تەنیا لە بوونێکی ناکۆمەڵایەتییدا توانای تەشەکردن و سەرتاپاگیربوونی هەیە، تەنیا بە هەڵوەشاندنەوەی پەیوەندییە ەڵایەتییەکان، تەنیا بە هەڵوەشاندنەوەی ڕێکەوتنە کۆمەڵایەتییەکان، ڕامیاریی تەنیا بە دروستکردنی جەنگی فرەڕەهەندی کۆمەڵایەتیی ڕاوەی دەروونی لە تاکی دەستەمۆدا، توانای جێکەوتەبوون و بەکولتووربیوونی هەیە؛ کە ڕامیاران بەناوی خواستی هێزی ئاسمانییەوە، ەتەوە و پێکهاتەی ناسروشتی دیکەوە بەگژی یەکدیماندا دەدەن، تاوەکو سەروەریی خۆیان مسۆگەر بکەن. ئەمە ڕامیارییە، ئەمە ەڵاتخوازە بەناو سۆشیالیستەکان هەردەم لەسەر بەدەستهێنانی پاشقول لە هاوسەنگەرانیان دەگرن و ملیاندەشکێنن !

لەم بارەوە دەتوانین لەخۆمان بپرسین؛ ئایا پێش سەرهەڵدانی پارتایەتی و ئایدیۆلۆجیای ڕامیاریی، ئاسوودەیی و ئارامی و تەبایی و هاریکاریی و هاوسۆزی و هاودەردی و هاوخەمی و هاوپشتیی نێوان مرۆڤەکان و کۆمەڵگەکان و یەکگرتوویی خەباتی ژێردەستان [ئرۆلیتێرەکان] هەبووە و بەهێز بووە یا پاش سەرهەڵدانی پارتایەتی و یاسا و سیستەمە ڕامیارییەکان؟

ڵبەتە نەگوتراو نەمێنێتەوە، منیش وەك هەر کەسێکی دیکە، ڕۆژگارێك لە خۆشباوەڕیی و ناهوشیارییمدا [ـەبوون و ئامادەنەبوونی خودهوشیاریی] لە داوی ڕامیارییدا دەستەمۆبووم و خۆشترین و بەنرخترین و کاراترین ساتەکانی ژیانم لەو پێناوە پووچەدا بەفیڕۆداون و ،سانی دەسەڵاتخواز و مشەخۆر و هەلپەرستم لە سەرووی خۆمەوە سەروەرکردوون. وەها ڕەوتێك، وەها سەردەمێك لەبەردەم زۆرێکماندا ـەگەری هەبووە و هەیە، بەڵام بە ئەزموونگیریی لە ڕووداوەکان و بەرەنجامەکان، بەئاسانی دەتوانین لە داو و تەلیسمی خۆشباوەڕیی بە ڕامیاریی و دەبەنگیی شانازیکردن بە ڕامیارییبوونەوە، خۆمان ڕاپسێنین و ببینەوە بە خودە ئازادەکەی ناخی خۆمان. وەها ڕوودانێك لێبڕاویی و بڕوابەخۆبوون و سەربەخۆیی بیرکردنەوەی گەرەکە و کاتێك کە بەو ئاستە یا بەو پلەیە لە خودهوشیاریی بگەین، ئیدی ئەستەمە بچینە ژێر ـەروەریی کەسانی دیکە و هەروەها لەوەش ئەستەمتر ئەوەیە، کە ببینە سەروەری کەسانی دیکە !

## تۆ سەر بە کام باڵی ئەنارشیسمی و بۆچی ئەوەیانت هەڵبژاردووە ؟

وابزانم کەم تا زۆر لێرە و لەوێ ڕۆشنایيم خستووەتە سەر ئەم بابەتە، سەرباری ئەوەش وەك ڕێزگرتنێك لە داخوازیی و چاوەڕوانیی بەڕێزت، هەوڵدەدەم بەکورتی جارێکی دیکە، وەڵام بەم پرسە ئاڵۆزە بدەمەوە. هەڵبەتە ئاڵۆز لەبەرئەوە نا، کە وەڵامدانەوەی سەختبێت، نەخێر بەڵکو لەبەرئەوەی کە یەکەم ئەنارکیزم لە هەرێمەکەی ئێمەدا [خۆرهەڵات بەگشتی و خۆرهەڵاتی ناوین و کوردستان بەتایبەتی] وەك هزر ناسراو نییە [ ـەك وەك شێوەی ژیان، چونکە لە ژیانی هەر کۆمەڵگەیەکی خۆرهەڵاتییدا بەجۆرێك لە جۆرەکان پێکەوەژیان و هەرەوەزیی کۆمەڵایەتیی / ئەنارکیزم بوونی هەبووە و هێشتاکەش ئامادەیە، لەو بارەوە خوێندنەوەی پەرتووکی ( لە جاکارتا تا یۆهانسبورگ: ئەنارکیزم لە سەرتاسەری جیهاندا / نووسینی Sebastian Kalicha, Gabriel Kuhn) دەتوانێت ڕۆشنگەربێت]. دووەم، لەبەرئەوەی کە لە ناوچەکەی ئێمەدا هزری سۆشیالیستی تەنیا لە چوارجێوەی ئایدیۆلۆجیای مارکسیستیدا ناسێنراوە، بواری ناسینی ئەنارکیزم وەك (سەنتێز) نەبووە و بەداخەوە هەر ڕەخنەگرێك کە لەبارەیەوە دوابێت، بەبێ پێشداوەرییە ئایدیۆلۆجییەکان نەیتوانیووە دەستبەکاربێت. ڕوەها یەکانگیریی دژایەتی دەسەڵات و ئایین و ئایدیۆلۆجیا بەرانبەر بە بیرۆکەکانی ئازادیخوازیی / ئەنارکیزم و لەو نێوەشدا شێواندن و ئاوەژووکارییەکانی چەپ بە هەموو باڵەکانییەوە، توانیویانە بەربەستێك، ئەگەرچی کاتییش بێت، لەنێوان بڵاوبوونەوەی ئەنارکیزم وەك هزر و

سەنتێزێك و نارازیيانی ئازادیخوازدا دروستبکەن. ەڵبەتە بەپێچەوانەی ئەوەی کاتێك ئەو سۆشیالیستخوازانەی، کە ئەنارکیزم وەك ئاژاوەچییەتی و بێسەرەوبەرەیی و دوژمنی کرێکاران دەناسێن، لە کاتی پێناسەکردن و لێدوان لەبارەی سۆشیالیزم و بیرۆکەکانیان لەبارەی کۆمەڵگەی سۆشیالیستییەوە، هەمان وێنای ئەنارکیستی بۆ کۆمەڵگەی خوازراو دەکەن و ئەگەر دەربڕینەکانیان لە پیرۆزکردنە ـیۆلۆجییەکان ڕووتبکەینەوە، ئەوا هەمان خەونی ئەنارکسیتییان هەیە. ەمە ئەو دژوارییەیە، کە بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکەی تۆ، لەبەردەم مندا قوتدەبێتەوە.

بەبۆچوونی من، ئەنارکیزم وەك بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتیی ئازادیخواز، کە ئامانج و ئاراستەی لە کۆمەڵگەی هەرەوەزییە و تێیدا سەروەریی بە هەموو جۆرەکانییەوە [ یاو بەسەر ژن، سەروەریی دایك و باوك بەسەر منداڵ، سەروەریی فێرکار بەسەر فێریاردا، سەروەریی چین و پارت و سەرۆك و فەرمانداریی و دەوڵەت بەسەر کۆمەڵگە و تاکەکانیدا ]، دەبنە ئەفسانە یا ڕابوردوویەکی تاڵ و نەخوازراو. هەر کات ئەم بزووتنەوە هەوڵی بەڕامیاریکردن و گونجاندنی لەتەك سیستەمی ڕامیارییدا درا، ئەوا دەچێتە خانەی دژەشۆڕشەوە. چونکە ڕامیاریی و سیستەمی ڕامیاریی [پێکهاتەی قووچکەیی و ئایدیۆلۆجیی سەروەری ڕەگەزیی، ئایینی، ئێتنیی، نەژادیی و چینایەتی] تەنیا لە بەلەنێوبردنی هەرەوەزیی و هاوپشتی کۆمەڵایەتی و هاودەردیی و خەمخۆریی و ئاشتی کۆمەڵایەتییدا دەتوانن جێگیربن و ببنە ڕاگر و مسۆگەرکەری سەروەریی هەندێك بەسەر هەندێکی دیکەدا. هەر لەبەرئەوەیە، کە تەنیا بە سڕینەوە و وازهێنان لە پەیوەندییە ڕامیارییەکان و چۆڵکردنی ڕیزی ڕێکخراو و پێکهاتە ڕامیارییەکان و هەڵوەشاندنەوەی پەیوەندی ڕامیاریی و پارتایەتی و سیستەمی ڕامیاریی، توانانی گەیشتنەوە بە بنەما کۆمەڵایەتییەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵگە دەگەینەوە. ئەوەش تەنیا بە هەڵوەشاندنەوەی بنەما ڕامیاریی و ئابوورییەکانی کاریکرێگرتە و دارایی تایبەتیی ـ تیی و سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی کۆمەڵگە و پێکهاتەکانی لەسەر بنەمای پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و هەرەوەزیی و هاوپشتی و پێکەوەژیان و تەبایی و ئاشتی کۆمەڵایەتی یا بەواتایەکی دیکە کۆمەڵایەتییکردنەوەی بەرهەمهێنان و دابەشکردن و بەڕێوەبردن و بڕیاردان و بەهرەمەندیی تاك لە بەرهەم و داهات و سامانی هاوبەشانەی کۆمەڵگە و کۆمەڵگە لە وزەی داهێنەرانەی تاك.

لەبەرئەوە ئەنارکیزم/ سۆشیالیزمی ئازادیخواز، تەنیا دەتوانێت بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتیی بێ و ڕێکخستن و شێوە و شێوازەکانی خەباتی ەمای پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی شوێنی ژیان بەرهەمهێنان و خوێندن و چالاکییە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە هەبن و شۆڕشەکەشی هەر کۆمەڵایەتییە و لێرەوە ئامانجیشی هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی ڕامیاریی و ڕەتکردنەوەی پارتایەتی و هەموو دەسەڵات و پەیوەندییەکی ڕامیارییەکان دەبێت؛ ئیدی ئەو پەیوەندییە پەیوەندی نێوان سالاریی پیاوان و ژێرچەپۆکیی ژنان، زاڵیی دایکان و باوکان و لکەچیی منداڵان، ڕەنجدەریی کرێکاران-جوتیاران و مشەخۆریی سەرمایەدار، پەیوەندی خوابوونی مامۆستا و کۆیلەتی فێریار/ خوێندکار، ەیوەندی ن و فەرماندەریی سەرۆکی پارتیی و فەرمانبەریی ئەندامان بێت، یا پەیوەندی سەرکوتگەریی ڕامیاران و دەوڵەتمەند/دەوڵەتدار و سەرکوتکراویی تاکی ژێردەستەبێت !

ئاتێك کە بزووتنەوەیەك پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتیی هەبێت و ئامانجیشی هەڵوەشاندنەوەی هەموو پەیوەندییە ڕامیارکردەکان و لەنێوبردنی سەروەریی و مشەخۆریی هەندێك بەسەر هەندێکی دیکەوە بێت و لە ڕێزەکانی خۆی و لە شێوازی ڕێکخستن و خەبات و چالاکیی خۆیدا سەر ار ڕەتبکاتەوە، ئیدی قسەکردن لەسەر باڵ و ئاراستەی جیاواز و ناکۆك، کەتوارییبوونی خۆی لەدەستدەدات و هەر هەوڵێك بە ئاراستەی دەستەگەریی و بەشبەشبوون و قوتکردنەوەی ئایدیۆلۆجیا، تەنیا یەك سەرەنجامی دەبێت، ئەویش ئەوەیە کە سەری لە بەرەی دژەکەیەوە دەردەچێت و لە باشترین باردا لە ئەنتی تێزێکی ڕواڵەتیی سیستەمەکە بەولاوەتر نابێت.

لەبەرئەوە بەبۆچوون و تێگەیشتنی من، ئەنارکیزم ی کۆمەڵایەتییە، کە لە ئەنجامی ڕەتکردنەوەی هەر هەوڵ و پێکهاتەیەکی سەروەریخوازانە و ئاراستەکەرانەی ئایدیۆلۆجی و ڕامیارییدا، تەنیا دەتوانێت وەك سەنتێزێك یا میتۆدێکی تێڕوانین و بیرکردنەوە دەربکەوێت. ەوانەی کە بە ئاراستە و باڵی جیاواز لەنێو (ئەنارکیزم)دا ناسراون، بریتین لە تێڕوانینی چالاکان و بیریارانی ئەنارکیستی لەبارەی پرسە ۆمەڵایەتییەکانەوە، لەوانە: ەمی ڕەگەزیی [ئەنارکۆفێمینیزم] ڕێکخستنی ئازادیخوازانەی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان [ئەنارکۆسەندیکالیزم]، پاراستنی ژینگە و ڕزگاریی ئاژەڵان [ئیکۆ-ئەنارکیستەکان/Greən **anarchist**]، ئاشتی کۆمەڵایەتی و دژەمیلیتاریزم [

ئەنارکۆ-ئاشتیخوازەکان Anarcho-pacifist / Non-violent anarchist ]، ئازادی تاك/ تاکگەرایی [ئەنارکۆ تاکگەراکان Individual anarchist] و چەند تێڕوانینی دیکە و هەروەها چەندین هەوڵی دیکە بۆ گونجاندنی ئەم هزرە لەتەك چەپ و ناسیونالیزم و ئایین و تەنانەت سەرمایەد ریی، هۆکاری ئەو هەوڵانەش بۆ ناکۆکی یا پارادۆکسبوونی بنەماکانی خودی هزرەکە ناگەڕێتەوە، بەڵکو بۆ کارایی هزرەکە بۆ سەر چەپ و ئاراستەکانی دیکە دەگەڕێتەوە، کە زۆر جار لە بەرانبەردا بۆ بەرگرتن بە هەژموون و کارایی هزر و بزووتنەوەی ئەنارکیستی کەوتوونە ژەهەوڵ بۆ بەرگرتن لێی. هەروەها بێجگە لەمەش، لە سەردەمەکانی سەرکوتکردن و پاشەکشێی ڕێکخراوەیی بزووتنەوەکە بەتایبەت پێش و پاشی جەنگی دووەمی جیهانی کارایی کەسانی ئەکادیمیستی نائومێد و ڕوونانی تاك و گروپە مارکسیستییەکان پاش ڕووخانی دیواری بەرلین لە هزری ئەنارکیستی، بێکارایی نەبووە و زبڵ و زاڵی ڕامیاریی خۆیان هاوردەکردەووە و هەوڵی گونجاندن و جێکردنەوەیان داوە. هەڵبەتە کارێکی ئاوا، زۆر ئەستەم نییە، چونکە ئەنارکیزم ئایدیۆلۆجیا نییە، تاوەکو دیوار و سنوورەکانی ڕێگەنەدەن، بەتایبەت لەو وڵاتانەی کە ئەنارکیزم چ وەك هزر و چ وەك بزووتنەوەی کۆمەڵایەتیی پێشینەی ئامادەیی مەیدانی و ڕێکخراوەیی نییە.

لەم بارەوە ئەگەر سەرنجی ئەو تاکانەی کە لە وڵاتانی عەرەبی پاش ڕاپەڕینەکانی ساڵی ٢٠١٠-٢٠١١ و ئێرانی پاش ساڵی ٢٠٠٩ و کوردستانی [بەتایبەت بەشی تورکیە] پاش وەرچەرخانی بۆچوونەکانی ئۆچەلان لە مارکیسیزمەوە بەرەو بیرۆکەکانی پرۆدۆن [فیدرالیزم و کۆنفیدرالیزم] و موری بوکچین [هەرەوەزییە ئابوورییەکان] بدەین ئەوا بە ئاشکرا لە چالاکی و لە تێڕوانینی کەسەکاندا پاشماوەیی دەسەڵاتخوازیی و دەستەبژێریی و پاوانگەریی و تاکڕەویی پێشینەی ئایدیالیستی و ناسیونالیستی و مارکسیستی دەبینین. ئەمە شتێکی ئاساییە، لەبەرئەوەی کەسێك کە پاش چەندین ساڵ پەروەردەبوون و ڕاهاتن لەسەر سەر و خواری پێکهاتەی ڕێکخستنی ڕامیاریی، کتوپڕ یا لە ماوەیەکی کورتدا ناتوانێت دەستبەرداری ڕاهاتن و مەڵایەتییەکان وەلابنێت، بەڵام ئاسایی نییە، ئەگەر ئەوانەی دەرکی ڕۆشنتر و ئەزموونی فرەتریان هەیە، لە ئاست ئەو هەوڵە نائەنارکییانەدا بێدەنگە و بێهەڵوێستی هەڵبێرن، چونکە کارنەدانەوە بەرانبەر هەر هەوڵێکی ئاوا، ڕێگە بۆ لەباربردنی هەلی سەرهەڵدانی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتیی ناقووچکەیی ئازادیخواز لە وڵاتانی خۆرهەڵات و باشووردا لەباردەکات.

من دەزانم و کاردانەوەیەکی ئاساییشە، کە ئەگەر هاوڕێیانێکی ئەنارکیست یا چەپەکان لە دژی ئەم پێناسە یا ئەم وێناکردنەی من لەبارەی ئەنارکیزمەوە وەك هزر و بزووتنەوەی کۆمەڵایەتیی، بوەستنەوە. بەڵام مەرج نییە هەموو کاردانەوەیەکی کەسانی دیکە، نیشانەی هەڵەبوونی ئێمە بێت. دەکرێت من لەم بارەوە هەڵەبم و خەریکی وڕێنەکردن و خەونبینین بە دونیایەکی خەیاڵییەوە بم، بەڵام من وەك کەسێك کە وەك بەرەنجامی ئەزموونەکانی چەپایەتی خۆم بە بیرۆکە و بنەما هزرییەکانی ئەنارکیزم گەیشتووم، ناتوانم شتێکی دیکە وێنابکەم و هەم ئاستی ردنەوە و خودهوشیاریم و هەم سەلماندنە ئەزموونییەکانم لە بواری خەباتی جەماوەریدا بەم سەرەنجامەم دەگەیێنن؛ ئەگەر ەنارکیستەکان وەك هزر و فیلۆسۆفی و چالاکی خەباتی کۆمەڵایەتیی لە هەموو ڕوویەکەوە خۆیان لە کارایی بزووتنەوە و پێکهاتە ڕامیارییەکان دانەبرن، ئەوا سەرەنجام لە دوو ئەگەر زیاتر نابێت : ، لە هەمان خولگەی ڕامیاریی هزر و بزووتنەوە بەناو سۆشیالیستییەکانی دیکەدا دەسووڕێنەوە؛ دووەم، وەك تا ئێستا هەرچی هەوڵ و کۆششی بزووتنەوەکەیە دەبێتە سەرمایەی ڕامیاریی کەسان ەپ و ڕەوتە دەسەڵاتخوازە بەناو سۆشیالیستەکان و سەرەنجام سەریان لە چاکسازیی سەروەریی چینایەتییەوە دەردەچێت، هەروەك چۆن لە ڕاپەڕینی ١٩١٧ ڕوسیەدا ڕوویدا هەوڵی ئەنارکیستییانەی کۆمیتە و سۆڤیەتەکانی کرێکاران و سەربازان یاخی، بوو بە سەرمایەگوزاریی ڕامیاریی بۆ بۆلشەڤیکەکان، یا ئەوەی کە (کۆمونەی پاریس) وەك یەکەمین ئەزموونی خەباتی ئەنارکی ئاوەژووکرایەوە و کرا نازی ئەوانەی کە تا دوای تێکشکانی کۆمونەش لێی تێنەگەیشتن !

**********************************************

کۆتایی زنجیرەی یەکەم : ئەگەر توانیم ئەو بەشانەی کە بە سڕانەوەی ئەرشیڤی بابەتەکانم لە فەوتانی وێب بلاگەکانم [هەژێن (کوردپلانێت) خەمی نان و خەونی ئازادی (کورد بلۆگەر)] بەدەستبهێنمەوە، ئەوا لە ئایەندەدا وەك زنجیرەی دووەم یا تەواوکاری ئەم زنجیرەیە دەیانخەمە بەرچاوی خوێنەرانی ئازیز.

**********************************************

ر خوێندنەوەی بەشی یەکەم، کرتە لەسەر ئەم بەستەرەی خوارەوە بکە :

بەشی یەکەم : http://wp.me/ppHbY-HN
بەشی دووەم : http://wp.me/ppHbY-HY
بەشی سێیەم : http://wp.me/ppHbY-If

بەشی چوارەم: http://wp.me/ppHbY-IH
بەشی پێنجەم: http://wp.me/ppHbY-IN
بەشی شەشەم: http://wp.me/ppHbY-Jg
بەشی حەوتەم: http://wp.me/ppHbY-Jo
بەشی هەشتەم: http://wp.me/ppHbY-Jv
بەشی نۆهەم : http://wp.me/ppHbY-JO
بەشی دەهەم: http://wp.me/ppHbY-JZ
بەشی یازدەهەم : http://wp.me/ppHbY-K5
بەشی دوازدەهەم : http://wp.me/ppHbY-K9
بەشی سیازدەهەم : http://wp.me/ppHbY-Kf
بەشی چواردەهەم : http://wp.me/ppHbY-Kj
بەشی پازدەهەم : http://wp.me/ppHbY-Kn

## nojenkirdnewey Wellamekan - 16

Eger pêmanwabêt, wellamekanî ême tewaw û dwa derkî mrovayetîn, ewa xerîkîn le xoman btêk sazdekeyn. Herweha eger pêmanwabêt, ew sîstemî rêkxistney komellge, ke ême xebatî bo dekeyn, dwayîn çawerrwanî û geşeyeke, ke mrovayetî pêydegat, ewa dîsanewe xerîkîn pûçgerayyekî dî le teputozî powçgerayyekanî dîke, çêdekeynewe. Soşyalîzm beheştêk nîye le asmanekanewe daygrîn û le perrawî efsanekanda bîdozînewe û modêrnîzey bkeyn, soşyalîzm xewnî mrovî zînduwe û be praktîkî şorrşigêrrane ketwarîy debêtewe û serkewtinîşî le kultûrbûyinda debêt, bebê ewe, le xeyallî goşegîrane û fentazî aydyalîstane bewlawetir nabêt. Hejên

## Beşî şazdehem

### To djî raperrînî xellkî azadî xwazî mîsr û birryarî şorrşigêraney supay ew wllateyt aya eme layengîrî le manewey îxwanekan nîye?

Pêş ewe wellam bew gumane ya ew tomete bêbnemaye ya hezoke ramyarîyey to bdemewe, bepêwîstî dezanim kemêk bgerrêmewe dwawe û serapay raperrînekan bixwênmewe. Begwêrey ewey ke le sallî 2007 bedwawe yekêk bûm le serincderan û çawdêranî xebatî krêkarîy û narrezayetîyekanî wllatanî mexrîb, cezaîr, tunis û mîsr û car carîş peywendîm letek çalakanî ew wllataneda hebuwe, ber lewey ke rûdawî xosûtandinî bêkar ya şmekifroşêkî kenar cade bbête xallî teqînewey cemawerîy le tunis û bbête hoy ruxanî fermandarîy dîktatorîyaney çend dehey ew wllate, rojane lew wllataneda xopîşandanî bêkaran bo dabîkirdnî kar, xopîşandan djî milhurrîy ramyaran le nawçe û gerreke hejarinşînekanî ew wllataneda rûydeda û le persendinda bû, herweha le tunis yekêtî derçuwanî bêkarî zankokan çalak bû û çalakîyekanî fşarîyan bo ser yekêtî sertaserîy fermî krêkaranî ew wllate, ke paşkoy desellat bû, drustkirdbû. Opozsyonî ramyar le ewrupa xerîkî wrrênekirdin bû, komunîstekan sifrî paş koma bûn. Tenya cyawazîyek ke le wllatî mîsr hebû, qedexebûnî îxwanekan û karkirdnî narrastewxoyan bû le bwarî xizmetkarîy komellayetîyda lewane xestexanekan, ke baştirîn xestexanekan lejêrewe hî ewan bûn, le beranberda zorbey prroje û karxanekan hî supay mîsr bûn û partî fermandar pişkî gewrey hebû, herweha her dû wllatî tunis û mîsr lelayen dewlletanî ewrupa û emerîkawe piştîwanî locîstîkî serbazîy û drawî û tenanet harîkarîy sîxurrîyan dekra. Tenanet dewlletî lîbya ke qezafî û partekey fermandarî bûn, bepêçewanewey pagendey mîdîkanewe, harîkarêkî gewrey dewlletanî orupa û rollî polîstî ewrupay debînî û gewretrîn zîndanî bo koçeran û penaberanî efrîka le

byabanî ew wllateda drustkirdbû. Dewlletî surye û bnemalley esed baştirîn pasewanî snûrî îsraîl bûn.

Katêk ke cemawer serbexo le derewey plan û wîstî ramyaran raperrî, dewlletanî zilhêz û dewlletanî ewrupa tûşî şok bûn û desbecê kardaneweyan bo nîşannedra û neyantwanî pasewananî berjewendîyekanyan lew wllataneda bparêzn ya lenêw opozsyonî ramyarîyda ellternatîvyan bo bdozêtewe. Leberewe naçar be mildan be ketwarî rûdawekan bûn. Bellam eme zorî neyaxand û le raperrînî cemawer le mexrîb û urdin û s'udye û yemen û behreyn'da firyay xoyan kewtin û twanyan be harîkarîy dewlletanî nawçeke djeplan amadebken, bo nmûne le behreyn be leşkirkêşîy s’udye, le lîbya be çekdarkirdnî raperrîneke û le surye be harîkarîy dewlletî turkye û s’udye twanyan çendîn mîlîşyay çekdar le grupe nasîwnalîst û mezhebîyekan drustibken û raperrînî naçekdaraney serbexoy cemawerîy berew cengî nêwxoyî û kuştarêkî çend salle bern.

Katêk ke le tunis û mîsr firyay pyadekirdnî planî mîlîşyayîykirdnî raperrîneke nekewtin, naçar penayan birde ber piştîwanî hêze îslamîyekan û bedesellatgeyandinyan le rêgey pagendey mîdyayyewe bo ewey hengawî yekem be bedesellatgeyîştinî ewan berey cemawer têkbişkênêt û hengawî duwem, le serhelldanewey narrezayetîyekanda be asanî bitwanrêt lejêr nawî corawcor û kudetay serbazîyda destupeywendekanî xoyan bhênnewe serkar û cengî xoyan letek îslamîyekan leser desellat, bgorrn be cengî komellayetîy nebrrawe lenêwan berey cemawer û cemawerî îslamîyekanda. Eme piştperdey ew rûdawane bû, ke le wllatî tunis û mîsr rûyda, ewey ke çepekanî kurdistan bewperrîy layengirîrîyewe naznawî "şorrş"yan le kudetay serbazîy na !

Beboçûnî min, ewey raperrînekan bo têkişkan û çon îxwanekan û nehze be hellbijradnî parlemanî bedesellat geyîştin û çon raperrînî cemawerîy lîbya û surye gorrdra be cengêkî mîlîşîyayî nebrrawe û frerrehend, hemûy peywendî be astî xudhuşyarîy cemawerey narrazîyewe hebû û heye. Katêk ke cemawer hêşta lew xoşbawerrîyedaye, ke be labirdnî (bin ’elî) û (mubarek) û dananî kesêkî dîke, îdî dîktatorîy namênêt ya be hellbjadnî partêkî dîke le cêy parte fermandarekanî sî sallî raburdû, îdî pris û grifte abûrîy û komellayetîyakanyan çareserdebin ya eger destebjêrkî têknokrat serwerbin, îdî kotayî be jêrdesteyî ewan dêt, bedillnyayyewe galltecarîy parlemanî û kudtay serbazîy debne dîmenî kotayî raperrînekan û serencam zîndanekan awedan debnewe û kuştinî xonîşanderan û lesêdaredanî berhellistkaran debnewe be rûdawî rotînî komellge. Hellbete her le seretawe nahuşyarîy û xoşbawerrîy be dewllet û parleman û ramyaran dyarbû û roj be roj le teşenekirdin û cêgîrbûn û tenanet modîllbûnda bû, lewane berizkirdnewey allay neteweyî û dewllet, ke be boçûnî min koneperistrîn dyardey ew raperrînanebû û ewendey ke ew dyardeye twanî xizmet be nasîwnalîzm û dewllet û sermayedarîy bkat, le şkistî raperrînî gewrey ferinse û (komuney parîs)ewe ta hellay serkewtinî yekcarekî blokî nato û bazarazad, sermayedarîy cîhanî be hemû dezge û nêwinde sîxurrîyekanîyewe be hemû terxankirdnêkî abûrîy û kaye ramyarîyekanîyewe neytwanîbû weha hêzêkî djeşorrş le xudî raperrîwan û narrazîyan pêkbihênêt. Takî narrazî lew raperrînaneda le amadenebûnî xudhuşyarîy şorrşigêrraneda le beranber hejmûnî pagendey dewllete ’erebîyekan û hêze nasîwnalîst û îslamîyekanda xoy be naçar debînêt, allayek berizbkatewe, ke ta ew sateş her le sayeyda serkutkrawe û zîndanîkrawe le sêdaredrawe ! Aya serapay mêjû, galltecarîyekî xemnaktir lemey berhemhênawe û bexoyewe dîwe ?

Eme kurtey boçûnî mne lemerr ew raperrînaney ke le wllatanî 'erebîda rûyanda û dyardey koneperistane û djeşorrşaney wek berizkirdnewey allay neteweyî û dewllet û gutnewey "alle akbir"yan kirde modêlî raperrîne kopîkrawekanî dîke le wllatanî dewruber [herwek le (slêmanî)şda (berderkî sera) kra be mizgewt] û ew modêle konepersit û nasîwnalîstaneye be komekî mîdyay dewlletan cîhangîrkra û wek debînîn, le wllatanî ewrupî û emerîkay bakûrîş weha konepersitîyek [berizkirdnewey allay dewllet-netewe] kewte pelupohawîştin. Pêş raperrînî wllatanî ’erebî, le raperrîne cemawerîyekanda allakanî dewllet desûtêndran, bellam le kotayî 2010 bedwawe berizkirdnewey allay serkut û serwerîy borcwazîy em peyamey be gwêy bzûtnewe konepersit û zilhêze cîhanxorekanda deda, ke amancî zorîney raperrîwan lenêwbirdnî serwerîy û hellweşandnewey sîstemeke nîye, bellku gorrînî cenerrallêk be teknokratêk û gorrînî (husnî) be (mursî) û gorrînewey (mursî) be (husnî)ye be kudeta ! Eme berencamî xoşbawerrîy cemawerî narrazî û raperrîw û nebûnî xudhuşyarîy şorrşigêrraneye, lem barewe detwanîn ew xoşbawerrîy û redûkewtinî ramyarîy le xopîşandanekanî paş 17î şubatî herêmî kurdistan)îşda be roşnî bbînîn !

Beboçûnî min, taku takî jêrdest û stemlêkraw, be dewllet û fermandarîy baş, be partîy baş û serokî çawerrwankraw, be hatnedî azadî û yeksanî û dadperwerîy komellayetî le sayey serwerîy çînayetîyda xoşbawerrbêt, bedillnyayyewe hem bwarî kayey destebjêrîy kesanî desellatixwaz û payexwaz learadadebêt, hem bwarî xosepandin û qorixkirdnî desellat lelayen parte ramyarîyekanewe heye û hem bwarî destitêwerdan û serkewtinî planekanî zilhêzekan msogerdebêt, hem lecyatî sûtandinî allay stemkaran, allay serwerîy borcwazîy bedestî xonîşanderanî nahuşyar û xoşbawerrewe deşekêtewe.

## To zor sûkayetî be syasyekan dekeyt û detewêt syaset naşîrîn bkeyt aya sebebî ewe şkist û raburdûy xot nye ?

Xatûnî berrêz, herçende lêre û lewê hewllimdawe bedrêjdadrrîyewe zor leser em babete bwestim û brrom, bellam lewe deçêt, ke le derbrrînimda nawrroşnîyek hebêt, ke berrêztî bew serencame geyandibêt, ke min şkistixwardûy ew meydanem û raburdûm griftî têdaye, ya lewaneye çawîlke partîyeket rwangey min awa narroşn û lingawquç nîşanbdat. Serbarî eweş lêreda hewilldedem wellam be pirsyareket bdemewe, herçende xwênerî wirya û serincder beasanî detwanêt wellamî em pirsyarey to le babetekanimda bedestibhênêt.

Ramkirdin - ramyarîy – ramyar, eme hawwatay kurdîyekey wajey "syaset, syasî"ni wek çawgî firman û çemk û wek bker, ke rîşeyekî frekonyan le jyanî mrovayetîda begşitî heye û tenanet pêş zmanîş dekewn. Çunke mrov pêş hebûnî zmanêkî tewaw hem ajellî ramkirduwe û hem bîrokey ramkirdnî perepêdawe û hem ramkar buwe.

Be boçûnî min, eger be wirdî û le derewey şêwandinî çawîlkey ramyarîyewe dyardekan bixwênînewe, ewa ramkirdnî takekan le peywendîye partîyekanda drêjey heman prosêsî ramkirdne, ke mrov manga û merr û bzin û gwêdêj û mrîşk û ..tid têda ramkirduwe. Bewatayekî dîke ramyarîy-ramkirdin brîtîye le derhawîştinî bûnewerêk le şêwey peywendîye sruştî û komellayetîyekanî û barhênanewey leser şêwazêkî dîke. Manga pêş ramkirdin bûnêkî azadî hebuwe û jyanêkî sruştîyaney hebuwe, şîrekey tenya bo beçkekanî buwe, letek hawcorekanîda le peywendîyekî azad û harmonîda jyawe, herwek mrovî derewey şaristanî le peywendîye komellayetîyekanîda azadbuwe û çawerrwanîy û kar û fermanî le çwarçêwey rêkewtinî komellayetîyda letek hawcorekanî rêkixrawe. Bellam katêk ke mrov ajellekan ramdekat, îdî katî xwardin û çûneder û gerranewe û şwênî xewtinî manga, xawenekey dyarîdekat, herwek çon endamî partêk, partekey û lêprisrawe zincîreyye ple be plekanî boy dyarîdeken, çî bllêt û çî bkat û çî nekat û snûrekanî çalakî û azadîyekanî çende frawanin, herwek çon dewllet û ramyaran mawey kar û brrî xwardin û corî xwardin û snûrî çalakî û hatûço û pantayî jyanî kesîy û xêzanî jêrdestanî komellge [prrolîtêrekan] dyardeken. Aya hîç cyawazî lenêwan ramkrawî endamî partêk û hawullatîyekî dewlletî hawçerx le snûrekanî ramyarîyda û ajellêkî ramkraw heye ?

Aya le ketwarî jyanmanda ramyarîy watayek û bûnêkî dîkey heye ? Hellbete mebestim le ramyarîy serapay kirdareke û çemkekeye, nek tenya partêk û arasteyek û şêwazêkî dyarîkraw le ramyarîy/ramkirdin. Min dezanim hem le şêwaz û hem le reftar û hem le radey behrebirdin le ramkirdnî ajelanda le ramkarêkewe bo ramkarêkî dîke cyawazî heye, bellam aya ew cyawazîye rwalletîyane hîç le krrokî araste û amancî ramyarîy degorrn; bewatayekî dîke hîç le destemokirdin û snûrdarkirdnî jyan û hezî ajellan degorrêt ?

Griftî min lêreweye, ke ramyarîy tenya be lenêwbirdnî peywendîye sruştîy û komellayetîyekan detwanêt le kayey kultûrîda cgey xoy bkatewe. Bewatayekî dîke tenya be gorrînî mrov le bûnewerêkî xudhuşyarî komellayetîy hawderd û herewezewe, bo bûnewerêkî nahuşyarî, çawçnokî û nakok û destemo û milkeçî serweran [part, dewllet û pêkhate qûçkeyyekanî dîke], ramkirdneke meyserdebêt. Aya bêcge leme, ramyarîy hîç ştêkî dîkey encamdawe ?

Başe ba away dabnêên, ke min şkistixwardûy meydanî ramyarîym û le raburdûmda griftim heye. Aya şkişt bo xoy mamanî hemû dahênan û hanabirdin bo şêwazanêkî nwê nebuwe? Aya hîç serkewtinêkî mrov bebê komellêk şkist serîhelldawe ya hîç tîorîyyek bebê xwêndnewe û têgeyîştin le hokarî

şkistekan û hellsengandinî ezmûngîrîyekan serîhelldawe? Leser em bnemaye kewate eger ew gumaney toş drustibêt, ewa natwanêt selmênerî drustîy û awezgîrîy û rewayetî ramkirdnî ajellan û mrovekanî dîkebêt ! Bellam wêrray nadrustî gumanekey to le handerewekanî min bo djayetî ramyarîykirdin û ramyarîy, be pêwîstî dezanim ewe bdirkênim, ke min le komellgey hawçerixda dû griftim hen [grift le rwangey kesanî wek towe], ke bom hergîz çaresernakirdrên; yekem ne detwanim kes rambkem û ne deştwanim mil be ramyarîy kesanî dîke bdem. Duwem ne beasanî detwanim mil be krêgirteyî bo kesanî dîke bdem, ne deştwanim bo msogerkirdnî mşexorîy xom, kesanî dîke bekrêbgrim, be watayekî dîke ne detwanim beasanî krêkarî kesanî dîke bim, nedeştwanim xawenkarî kesî dîke bim [bew corey ke endamanî nêwendî parte komunîstekan le pîtzerî û rîsturantekanyanda krêkaran û lenêw ewanîşda hawpartîye paşrrewekanî xoyan bekrêdegrin]. Hellbete netwanînekanim lewewe nîn, ke desepaçebim, bellku lew barewe twanayyekî le radebederî lêhatûîy û şarezayî û hoşîm heye, bellam tenya ştêk ke rêgrîym lêdekat derk û wîjdanme, azadbûnme le kaye ramyarîyekan, dîtnî jyan û komellgeye le derewey çawîlke ramyarîyekan, ke herdem jyan û peywendîyekan awa nîşandeden, ke arastekeranyan dexwazn. Rêk tewaw bepêçewaney griftî here serekî takî destemoy partîy û dewlletewe, takî gîrodey demargîrîy mezhebîy û neteweyî û aydyolocî û xudsênterewe [xudsênterîy bewatay takayetî (serbexoyî îndîvîdwalîstî) na, bellku bewatay xêzan-sêntirîst, êtno-sêntirîst, part-sêntirîst, dewllet-sêntirîst .. Tid], ke hawcorî xoy dekujêt, deçewsênêtewe, birsîdekat, zîndanîdekat, frîwdedat, dekrrêt, defroşêt, dexwat, ..tid

Le têrrwanînî narramyaraney minda, ramyarîy wate hunerî lexiştebirdin, hunerî desellatdarîy, hunerî pawangerîy û hunerî mşexorîy, weha hunerêk tenya le bûnêkî nakomellayetîyda twanay teşekirdin û sertapagîrbûnî heye, tenya be hellweşandnewey peywendîye komellayetîyekan, tenya be hellweşandnewey rêkewtne komellayetîyekan, ramyarîy tenya be drustkirdnî cengî frerrehendî komellayetîy nebrrawey derûnî le takî destemoda, twanay cêkewtebûn û bekultûrbîwunî heye; ke ramyaran benawî xwastî hêzî asmanîyewe, benawî netewe û pêkhatey nasruştî dîkewe begjî yekdîmanda deden, taweku serwerîy xoyan msoger bken. Eme ramyarîye, eme ew şanazîyeye ke desellatixwaze benaw soşyalîstekan herdem leser bedestihênanî paşqul le hawsengeranyan degrin û milyandeşkênin !

Lem barewe detwanîn lexoman bpirsîn; aya pêş serhelldanî partayetî û aydyolocyay ramyarîy, asûdeyî û arramî û tebayî û harîkarîy û hawsozî û hawderdî û hawxemî û hawpiştîy nêwan mrovekan û komellgekan û yekgirtûîy xebatî jêrdestan [prolîtêrekan] hebuwe û behêz buwe ya paş serhelldanî partayetî û yasa û sîsteme ramyarîyekan?

Hellbete negutraw nemênêtewe, mnîş wek her kesêkî dîke, rojgarêk le xoşbawerrîy û nahuşyarîyimda [nebûn û amadenebûnî xudhuşyarîy] le dawî ramyarîyda destemobûm û xoştirîn û benrixtirîn û karatrîn satekanî jyanim lew pênawe pûçeda befêrrodawn û kesanî desellatixwaz û mşexorr û helperistim le serûy xomewe serwerkirdûn. Weha rewtêk, weha serdemêk leberdem zorêkmanda egerî hebuwe û heye, bellam be ezmûngîrîy le rûdawekan û berencamekan, beasanî detwanîn le daw û telîsmî xoşbawerrîy be ramyarîy û debengîy şanazîkirdin be ramyarîybûnewe, xoman rabpisênîn û bbînewe be xude azadekey naxî xoman. Weha rûdanêk lêbrrawîy û birrwabexobûn û serbexoyî bîrkirdnewey gereke û katêk ke bew aste ya bew pleye le xudhuşyarîy bgeyn, îdî esteme bçîne jêr barî serwerîy kesanî dîke û herweha leweş estemtir eweye, ke bbîne serwerî kesanî dîke !

## To ser be kam ballî enarşîsmî û boçî eweyant hellbjarduwe ?

Wabzanim kem ta zor lêre û lewê roşnayîm xistuwete ser em babete, serbarî eweş wek rêzgirtnêk le daxwazîy û çawerrwanîy berrêzt, hewilldedem bekurtî carêkî dîke, wellam bem pirse alloze bdemewe. Hellbete alloz leberewe na, ke wellamdanewey sextibêt, nexêr bellku leberewey ke yekem enarkîzm le herêmekey êmeda [xorhellat begşitî û xorhellatî nawîn û kurdistan betaybetî] wek hzir nasraw nîye [hellbete tenya wek hzir, nek wek şêwey jyan, çunke le jyanî her komellgeyekî xorhellatîyda becorêk le corekan pêkewejyan û herewezîy komellayetîy / enarkîzm bûnî hebuwe û hêştakeş amadeye, lew barewe xwêndnewey pertûkî ( le cakarta ta yohanisburg: enarkîzm le sertaserî cêhanda / nûsînî Sebastian Kalicha, Gabriel Kuhin ) detwanêt roşingerbêt]. Duwem, leberewey ke le nawçekey êmeda

hizrî soşyalîstî tenya le çwarcêwey aydyolocyay markisîstîda nasênrawe, bwarî nasînî enarkîzm wek (sentêz) nebuwe û bedaxewe her rexnegrêk ke lebareyewe dwabêt, bebê pêşdawerîyye aydyolocîyekan neytwanîwwe destbekarbêt. Herweha yekangîrîy djayetî desellat û ayîn û aydyolocya beranber be bîrokekanî azadîxwazîy / enarkîzm û lew nêweşda şêwandin û awejûkarîyekanî çep be hemû ballekanîyewe, twanîwyane berbestêk, egerçî katîyş bêt, lenêwan bllawbûnewey enarkîzm wek hzir û sentêzêk û narrazîyanî azadîxwazda drustibken. Hellbete bepêçewaney ewey katêk ew soşyalîstixwazaney, ke enarkîzm wek ajaweçîyetî û bêserewbereyî û dujminî krêkaran denasênin, le katî pênasekirdin û lêdwan lebarey soşyalîzm û bîrokekanyan lebarey komellgey soşyalîstîyewe, heman wênay enarkîstî bo komellgey xwazraw deken û eger derbrrînekanyan le pîrozkirdne aydyolocîyekan rûtibkeynewe, ewa heman xewnî enarkisîtîyan heye. Eme ew dijwarîyeye, ke bo wellamdanewey pirsyarekey to, leberdem minda qutdebêtewe.

Beboçûnî min, enarkîzm wek bzûtneweyekî komellayetîy azadîxwaz, ke amanc û arastey le komellgey herewezîye û têyda serwerîy be hemû corekanîyewe [serwerîy pyaw beser jin, serwerîy dayk û bawk beser mindall, serwerîy fêrkar beser fêryarda, serwerîy çîn û part û serok û fermandarîy û dewllet beser komellge û takekanîda ], debne efsane ya raburdûyekî tall û nexwazraw. Her kat em bzûtnewe hewllî berramyarîykirdin û guncandinî letek sîstemî ramyarîyda dra, ewa deçête xaney djeşorrşewe. Çunke ramyarîy û sîstemî ramyarîy [pêkhatey qûçkeyî û aydyolocîy serwerî regezîy, ayînî, êtnîy, nejadîy û çînayetî] tenya le belenêwbirdnî herewezîy û hawpiştî komellayetî û hawderdîy û xemxorîy û aştî komellayetîyda detwanin cêgîrbbin û bibne ragir û msogerkerî serwerîy hendêk beser hendêkî dîkeda. Her lebereweye, ke tenya be srrînewe û wazhênan le peywendîye ramyarîyekan û çollkirdnî rîzî rêkixraw û pêkhate ramyarîyekan û hellweşandnewey peywendî ramyarîy û partayetî û sîstemî ramyarîy, twananî geyîştnewe be bnema komellayetîyekanî rêkxistinî komellge degeynewe. Eweş tenya be hellweşandnewey bnema ramyarîy û abûrîyekanî karîkrêgirte û darayî taybetîy - dewlletîy û serlenwê rêkxistnewey komellge û pêkhatekanî leser bnemay peywendîye komellayetîyekan û herewezîy û hawpiştî û pêkewejyan û tebayî û aştî komellayetî ya bewatayekî dîke komellayetîykirdnewey berhemhênan û dabeşkirdin û berêwebirdin û birryardan û behremendîy tak le berhem û dahat û samanî hawbeşaney komellge û komellge le wzey dahêneraney tak.

Leberewe enarkîzm/ soşyalîzmî azadîxwaz, tenya detwanêt bzûtneweyekî komellayetîy bê û rêkxistin û şêwe û şêwazekanî xebatî leser bnemay peywendîye komellayetîyekanî şwênî jyan berhemhênan û xwêndin û çalakîye komellayetîyekanî dîke hebin û şorrşekeşî her komellayetîye û lêrewe amancîşî hellweşandnewey sîstemî ramyarîy û retkirdnewey partayetî û hemû desellat û peywendîyekî ramyarîyekan debêt; îdî ew peywendîye peywendî nêwan salarîy pyawan û jêrçepokîy jnan, zallîy daykan û bawkan û milkeçîy mindallan, rencderîy krêkaran-cutyaran û mşexorîy sermayedar, peywendî xwabûnî mamosta û koyletî fêryar/ xwêndkar, peywendî birryarderîy û fermanderîy serokî partîy û fermanberîy endaman bêt, ya peywendî serkutgerîy ramyaran û dewlletmend/dewlletdar û serkutkrawîy takî jêrdestebêt !

Katêk ke bzûtneweyek pêkhateyekî komellayetîy hebêt û amancîşî hellweşandnewey hemû peywendîye ramyarkirdekan û lenêwbirdnî serwerîy û mşexorîy hendêk beser hendêkî dîkewe bêt û le rêzekanî xoy û le şêwazî rêkxistin û xebat û çalakîy xoyda ser û xwar retbkatewe, îdî qsekirdin leser ball û arastey cyawaz û nakok, ketwarîybûnî xoy ledestdedat û her hewllêk be arastey destegerîy û beşbeşbûn û qutkirdnewey aydyolocya, tenya yek serencamî debêt, ewîş eweye ke serî le berey djekeyewe derdeçêt û le baştirîn barda le entî têzêkî rwalletîy sîstemeke bewlawetir nabêt.

Leberewe beboçûn û têgeyîştinî min, enarkîzm hizrêkî komellayetîye, ke le encamî retkirdnewey her hewll û pêkhateyekî serwerîyixwazane û arastekeraney aydyolocî û ramyarîyda, tenya detwanêt wek sentêzêk ya mîtodêkî têrrwanîn û bîrkirdnewe derbkewêt. Ewaney ke be araste û ballî cyawaz lenêw (enarkîzm)da nasrawn, brîtîn le têrrwanînî çalakan û bîryaranî enarkîstî lebarey pirse komellayetîyekanewe, lewane: stemî regezîy [enarkofêmînîzm], rêkxistinî azadîxwazaney bzûtnewe komellayetîyekan [enarkosendîkalîzm], parastinî jînge û rizgarîy ajellan [îko-enarkîstekan/Green anarchist], aştî komellayetî û djemîlîtarîzm [ enarko-aştîxwazekan Anarcho-pacifist / Non-violent anarchist ], azadî tak/ takgerayî [enarko takgerakan Individual anarchist] û çend têrrwanînî dîke û herweha çendîn hewllî dîke bo guncandinî em hizre letek çep û nasîwnalîzm û ayîn û tenanet

sermayedarîy, hokarî ew hewllaneş bo nakokî ya paradoksibûnî bnemakanî xudî hizreke nagerrêtewe, bellku bo karayî hizreke bo ser çep û arastekanî dîke degerêtewe, ke zor car le beranberda bo bergirtin be hejmûn û karayî hzir û bzûtnewey enarkîstî kewtûne djehewll bo bergirtin lêy. Herweha bêcge lemeş, le serdemekanî serkutkirdin û paşekşêy rêkixraweyî bzûtneweke betaybet pêş û paşî cengî duwemî cîhanî karayî kesanî ekadîmîstî naumêd û rûnanî tak û grupe markisîstîyekan paş rûxanî dîwarî berlîn le hizrî enarkîstî, bêkarayî nebuwe û zbill û zallî ramyarîy xoyan hawirdekirdewwe û hewllî guncandin û cêkirdneweyan dawe. Hellbete karêkî awa, zor estem nîye, çunke enarkîzm aydyolocya nîye, taweku dîwar û snûrekanî rêgeneden, betaybet lew wllataney ke enarkîzm çi wek hzir û çi wek bzûtnewey komellayetîy pêşîney amadeyî meydanî û rêkixraweyî nîye.

Lem barewe eger sernicî ew takaney ke le wllatanî ’erebî paş raperrînekanî sallî 2010- 2011 û îranî paş sallî 2009 û kurdistanî [betaybet beşî turkye] paş werçerxanî boçûnekanî oçelan le markîsîzmewe berew bîrokekanî prrodon [fêdralîzm û konfîdralîzm] û murî bukçîn [herewezîye abûrîyekan] bdeyn, ewa be aşkra le çalakî û le têrrwanînî kesekanda paşmaweyî desellatixwazîy û destebjêrîy û pawangerîy û takrrewîy pêşîney aydyalîstî û nasîwnalîstî û markisîstî debînîn. Eme ştêkî asayye, leberewey kesêk ke paş çendîn sall perwerdebûn û rahatin leser ser û xwarî pêkhatey rêkxistinî ramyarîy, ktupirr ya le maweyekî kurtda natwanêt destberdarî rahatin û goşbûn be rêsa nakomellayetîyekan wellabnêt, bellam asayî nîye, eger ewaney derkî roşintir û ezmûnî fretiryan heye, le ast ew hewlle naenarkîyaneda bêdenge û bêhelluyistî hellbêrn, çunke karnedanewe beranber her hewllêkî awa, rêge bo lebarbirdnî helî serhelldanî bzûtnewey komellayetîy naqûçkeyî azadîxwaz le wllatanî xorhellat û başûrda lebardekat.

Min dezanim û kardaneweyekî asayîşe, ke eger hawrrêyanêkî enarkîst ya çepekan le djî em pênase ya em wênakirdney min lebarey enarkîzmewe wek hzir û bzûtnewey komellayetîy, bwestnewe. Bellam merc nîye hemû kardaneweyekî kesanî dîke, nîşaney hellebûnî ême bêt. Dekrêt min lem barewe hellebim û xerîkî wrrênekirdin û xewnibînîn be dunyayekî xeyallîyewe bim, bellam min wek kesêk ke wek berencamî ezmûnekanî çepayetî xom be bîroke û bnema hizrîyekanî enarkîzm geyîştûm, natwanim ştêkî dîke wênabkem û hem astî bîrkirdnewe û xudhuşyarîym û hem selmandne ezmûnîyekanim le bwarî xebatî cemawerîyda bem serencamem degeyênin; eger enarkîstekan wek hzir û fîlosofî û çalakî xebatî komellayetîy û le hemû rûyekewe xoyan le karayî bzûtnewe û pêkhate ramyarîyekan danebrin, ewa serencam le dû eger zyatir nabêt : yekem, le heman xullgey ramyarîy hzir û bzûtnewe benaw soşyalîstîyekanî dîkeda desûrrênewe; duwem, wek ta êsta herçî hewll û koşşî bzûtnewekeye debête sermayey ramyarîy kesan û grup û rewte desellatixwaze benaw soşyalîstekan û serencam seryan le çaksazîy serwerîy çînayetîyewe derdeçêt, herwek çon le raperrînî 1917î rusyeda rûyda hewllî enarkîstîyaney komîte û sovyetekanî krêkaran û serbazanî yaxî, bû be sermayeguzarîy ramyarîy bo bolşevîkekan, ya ewey ke (komuney parîs) wek yekemîn ezmûnî xebatî enarkî awejûkrayewe û kra be şanazî ewaney ke ta dway têkişkanî komuneş lêy tênegeyîştin !

**********************************************
Kotayî zincîrey yekem : eger twanîm ew beşaney ke be srranewey erşîvî babetekanim le fewtanî wêb blagekanim [hejên (kurdiplanêt) , xemî nan û xewnî azadî (kurd bloger)] da, bedestibhênmewe, ewa le ayendeda wek zincîrey duwem ya tewawkarî em zincîreye deyanxeme berçawî xwêneranî azîz.
************************************
Bo xwêndnewey beşî yekem, kirte leser em besterey xwarewe bke

Beşî yekem : http://wp.me/ppHbY-HN
Beşî duwem : http://wp.me/ppHbY-HY
Beşî sêyem : http://wp.me/ppHbY-If
Beşî çwarem: http://wp.me/ppHbY-IH
Beşî pêncem: http://wp.me/ppHbY-IK
Beşî şeşem: http://wp.me/ppHbY-Jb
Beşî hewtem : http://wp.me/ppHbY-Jm
Beşî heştem : http://wp.me/ppHbY-Jt
Beşî nohem: http://wp.me/ppHbY-JM
Beşî dehem : http://wp.me/ppHbY-JR

Beşî yazdehem : http://wp.me/ppHbY-K3
Beşî dwazdehem : http://wp.me/ppHbY-K7
Beşî syazdehem : http://wp.me/ppHbY-Kc
Beşî çwardehem: http://wp.me/ppHbY-Kh
Beşî pazdehem  : http://wp.me/ppHbY-Kl